# ئینتەرنێت، ماڵێک بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی

ئا: ئەمەل محەمەد جەلال

هاوسەرێتی و پێکەوەنانی ژیانێکی نوێ لە پێویستییە سەرەکی و حەتمییەکانی ژیانی مرۆڤایەتییەو خێزانیش بەیەکێك لەخانەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی کۆمەڵگە دادەنرێت، گەنجان و کەسانێك کە نەیانتوانیوە ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە بنێن جا بەهەر هۆیەك بێت، ئەوا بیر لەچەندین رێگەی جۆراوجۆر دەکەنەوە بۆئەوەی بتوانن دەرگایەکیان لەو پێناوەدا لێبکرێتەوە و بەدوای ناسنامەی ونبووی خۆیاندا بگەڕێن، هەر لە مامۆستای ئایینی و هاوڕێ و خوشك و سەر رێگەی ناوەندەکانی خوێندن و نامەی سەرشاشەی کەناڵەکانی راگەیاندن و تەنانەت تا نووسینگەکانی دۆزینەوەی هاوسەر و پێکهێنانی هاوسەران بەیەکتر دەگرنەبەر.

ئینتەرنێتیش وەکو هۆکارێکی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و مۆدێرن لەسەردەمی ئێستادا وایکردووە کە بەشێك لە گەنجان بەتایبەتیش توێژی قوتابیان روو بکەنە ئەم ناوەندە ئەلکترۆنییە بۆ ئەوەی کەسێکی گونجاو بۆ ژیانی هاوسەرێتییان بدۆزنەوە هەروەك چۆن چەندەها پێگەی ئینتەرنێت هەیە کە ئەم دەرگای بە هاوسەرێتی بوونەی لە بەشداربووانی کردۆتەوەو لەو پێناوەدا هاریکارییان دەکات.

**ئینتەرنێت لایەنی سلبی و ئیجابی خۆی هەیە**

پێکەوەنانی خێزان لەرێگەی ئینتەرنێتەوە لایەنی سلبی و ئیجابی خۆی هەیە، لایەنە سلبییەکەی ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەی هەریەکە لە کچ و کوڕەکە دەشێت تەواو راستگۆ نەبن لەو زانیاری و دابەزاندنی وێنەی خۆیان کە لە سایتەکە کاتێك بەهۆی ئەم ناراستگۆییەوە و لەژێر کاریگەریی جۆرێك لە خۆشەویستی یەکتر، وادەکات کاتێك بەیەك دەگەن و یەکتر دەبینن لەوانەیە جۆرێك لە ئیحراج بوون لەلایەن یەکێك یان هەردووکیانەوە دروستبێت و ئەوسا پرۆسەکە بەشێوەیەکی تر دەکەوێتەوە، لایەنە ئیجابیەکەشی ئەوەیە کە پێش ئەوەی یەکتر ببینن لەرووی ئەو سیفەتانەی کە هەیانەو بۆیەکتری ئاشکرادەکەن وادەکات کە کوڕو کچەکە خۆیان یەکلایی بکەنەوە ئەوسا لەیەکتر بچنە پێشەوە و رێگەیەکی ئاسانیشە، ئەمە بیروبۆچوونی رووخۆش محەمەد جەلالە کە وەکو پارێزەرێك قسەی بۆکردین.

**تەنانەت دایك و باوکیشمان نازانن کە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە خێزانمان پێکەوەناوە**

ئاڤان ئەحمەد کەریم کە خاوەنی یەك منداڵی چاوگەشەو لەبەرئەوەی کە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە ژیانی هاوسەرێتی پێکەوەناوە ویستی ناوەکەی بە خوازراویی



بڵاوبکەینەوە، بۆیە ناوی خوازراومان بۆداناوە، ئێمەش سەرەتا پرسیاری ئەوەمان لێکرد بۆچی داوای ئەوە دەکەیت کە ناوەکەت خوازراو بیت، وتی بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە ئەگەر بزانن لە رێگەی ئینتەرنێتەوە شووم کردووە، ئەوا بەچاوێکی دیکەوە تەماشام دەکەن، تائێستاش تەنیا خۆم و هاوسەرم بەمکارە دەزانین، تەنانەت دایك و باوك و خێزانەکانیشمان نازانن، هەروەها وتیشی پێوەندی خۆشەویستیمان زۆر باشە و تائێستاش کە وردە کێشەشمان هەبووبێت پێوەندی بەوەوە نەبووە کە لە رێگە ئینتەرنێتەوە بەیەك گەشتووین، لەپرسیاری ئەوەشدا کە لەسەرەتای یەکترناسینەوە تاکو بەیەکگەشتن چەندجار لەرێگەی ئینتەرنێتەوە زانیاریتان گۆڕیوەتەوە، لەوەڵامدا وتی: بە تەواوی لە خەیاڵم نییە، بەڵام نزیکەی ٨ تا ١٢ جار پێوەندی ئینتەرنێتمان هەبووە،

**من وەکو خۆم ئامادەم کچەکەم لەرێگەی ئینتەرنێتەوە هاوسەری خۆیان بدۆزنەوە**

چونکە هیچمان لەماڵەوە ئینتەرنێتمان نەبوو، ئەگەرنا لەوانەیە بە چوار پێنج جار تەواوبووینایە.

**هەر رۆژێك کە دێت بۆ بازاڕ پێوەندیم پێوەدەکات کە بچین بۆ ئینتەرنێت**

گەنجێکی تەمەن ١٧ساڵ بەناوی ئاکۆ کەریم رەحیم کە قوتابی پۆلی ١١ی ئامادەیی هەواری شار بوو، بەزەردەخەنەیەکەوە لە بینای سەنتەری ئینتەرنێتی شار دەهاتە خوارەوە، یەکسەر پرسیاری ئەوەم لێکرد خێرە ئەوەندە دڵت خۆشە، وتی: بۆ دڵم خۆش نەبێت ٦ جارە دێم بۆ ئەم ئینتەرنێتە ئەمڕۆ رازیبووە، وتم کێ رازیبووە؟ وتی کچێکی رووحسووکی دراوسێمان هەیە کە بەهۆی ئەوەی دایك و باوکی نەخۆشیی سەرجێگەیان هەیەو وازی لەخوێندن هێناوەو خەریکی دروومانی جلوبەرگە جا هەر رۆژێك کە دێت بۆ بازاڕ بۆ کڕینی کەلوپەلی ئیشەکەی، ئەوا پێوەندیم پێوەدەکات کە بچین بۆ ئینتەرنێت، لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی دوای شەش جار ئەوسا رازیبوو؟ وتی، لەبەرئەوەی کە دایك و باوکی نەخۆشن رازی نەدەبوو بەوەی کە شوو بکات، هەرچەند ئێمەش لە ئێستادا خێزان پێکەوە نانێین، بەڵکو برایەکی کچەکە لە وڵاتانی دەرەوەیەو بەنیازە ئەمساڵ بێتەوەو دایك و باوکی بباتە لای خۆی و خۆشەویستەکەشم بگەڕێتەوە بۆ خوێندن و ئەوسا ئێمەش کاری جددی لەسەر بکەین و تا ئەو کاتەش منیش دەچمە زانکۆ و پۆلی شەشیش دەبڕم.

**هەر کێشەیەك لەنێوان ئەو دوو هاوسەرەدا رووبدات، ئەوا گلەیی لەکەس ناکەن**

ئێستا وایلێهاتووە کە کەمتر لەجاران خەڵکان و کەسانی تایبەت هەوڵی ئەوەت بۆبدەن کەسێکت بۆبدۆزنەوە بۆ ژیانی هاوسەرایەتی لەبەرئەوەی بەهەر کەسێك دەڵێیت وەڵامەکەی ئەوەیە کە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکە کە متمانەم بە کوڕان و کچان نەماوە تاکو لەوپێناوەدا کاریان بۆبکەم، ئەمە وتەی فەرهاد ئیبراهیمی تەمەن ٣٥ساڵی کاسبکارە لەیەکێك لە بازاڕەکانی شاری سلێمانی کە بەهۆی بەرپرسیارێتی زۆری ژیانەوە نەیتوانیوە تائێستا خێزان پێکەوەنێت، سەبارەت بە گرتنەبەری رێگەی ئینتەرنێت بۆ پێکەوانانی خێزان وتی «من بە رێگەیەکی باشی دەزانم لەبەرئەوەی زۆر بێ منەتەو لەکاتێکیشدا کە هەر کێشەیەك لەنێوان ئەو دوو هاوسەرەدا رووبدات، ئەوا گلەیی لەکەس ناکەن و تەنیا خۆشیان بەرپرسیار دەبن و هەموو کاتێکیش ئامادەیەو دەتوانیت پەنای بۆببەیت».

ئەگەر کچ بۆخۆی عاقڵ بێت و پرس و راوێژی بە دایك و باوکی هەبێت دەشتوانێت لەرێگەی ئینتەرنێتەوە ئەوکارە، بکات ئەمە باوەڕی قادر ئەحمەد رەشیدی کارگوزارەو خاوەنی ٥ کچە، هەروەها پێیوایە کە گرنگ ئەوەیە بتوانن ژیانێك بگوزەرێنن کە دوایی پەشیمان نەبنەوەو ئێمەش گلەییان لێنەکەین ئەگینا وەکو ئەوەی کە من زانیاریم هەیە لەسەر ئینتەرنێت و باوکانی تریش هەیانبوایە، ئەوا رێگریی لەم رێگەیە نەدەکراو من وەکو خۆم ئامادەم کچەکەم لەرێگەی ئینتەرنێتەوە هاوسەری خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام وەکو وتم بزانێت چۆن مامەڵە دەکات و من ئەم رێگەیەم پێ باشترە وەك لەوەی لێرەو لەوێ لەبەرچاوی خەڵك دانیشن و ببنە جێگەی گومانی خەڵکی.

**گرنگ راستگۆیی و متمانەیە**

صادق سەعید محەمەد کە دەرچووی بەشی کۆمەڵایەتی زانکۆی بەغدایە و ئێستا بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەر لەوڵاتی بەریتانیایە لەرێگەی ئیمێڵەوە بۆچوونی خۆی خستەڕوو و وتی: سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم لەبەرئەوەی پێکەوەنانی خێزان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگە دەبێت گەنجەکان بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرەتای پێکەوەنانی خێزان دەکەن و پەلە نەکەن لە دەستنیشانکردنی هاوسەری داهاتوویان، ئینتەرنێتیش وەکو هۆکارێکی گەیەنەری راز و نیازی کچ و کوڕ بەیەکتری بۆئەوەی پێکەوە لەماڵێکدا کۆببنەوە رێگەیەکی خراپ نییە بەو مەرجەی نەبێتە هۆی ئەوەی ناڕاستگۆیی بەیەکتر بکەن و تەنیا لە پێناوی کات بەسەربردن ئەم رێگەیە بگرنە بەر، چونکە دەشێت گەنجێك هەبێت تەنیا مەبەستی ئەوە بێت کە کاتی خۆی بەسەر بەرێت و هەرگیز ئامادەیی

**بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە ئەگەر بزانن لە رێگەی ئینتەرنێتەوە شووم کردووە، ئەوا بەچاوێکی دیکەوە تەماشام دەکەن**

پێکەوەنانی خێزانی تیا نییە، بەڵام دەستی دەستی بە گەنجانی تر دەگات، لە وڵاتی بەریتانیاش ئەم رێگەیە بەکاردەهێنرێت، بەڵام کچی ئێرە زۆر بەدوای متمانەو راستگۆیی بەرامبەرەکانیاندا دەگەڕێن.

**لە١٠٪ی گەنجان خاوەنی ئینتەرنێتی خۆیان نین لە ماڵەوە**

لەبەردەم سەرای سلێمانی کە هەمیشە جێگەی کۆبوونەوەی گەنجانەو بەتایبەتیش مامۆستایان، یەکێك لەو مامۆستایانەی کە تەمەنی ٣٤ساڵ بوو هێشتا ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە نەنابوو بەناوی زانا محەمەد عوسمان، زۆر بێئومێدبوو و باوەڕی وابوو کە ئینتەرنێت ساڕێژی بێ هاوسەری ناکات و بەئەسەفەوە باسی لە بێمتمانەیی بەرامبەرەکانی دەکرد و دەیوت: گەنجی ئێمە زۆری ماوە بگاتە ئەو ئاستە رۆشنبیریەی بە متمانەوە مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ ئینتەرنێت بکات بۆ پێکەوەنانی خێزان، ئەمە جگە لەوەی کە لە١٠٪ی گەنجان خاوەنی ئینتەرنێتی خۆیان نین لە ماڵەوە.

بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.
Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com

**ئافرەت هەموو کاتێک حەزدەکات هاوسەرەکەی بەجوانترین شێوە لەناو خەڵکی دەربکەوێت. زۆرێکیش لەزانایان دەڵێن سەلیقەی ئافرەت جوانترە لەپیاو بۆهەڵبژاردنی دیزانی جلوبەرگ و دەست نیشانکردنی رەنگەکان. بۆیە زۆرجار پیاو رای هاوسەرەکەی وەردەگرێت لە دەست نیشانکردنی جلەکانی و لەدیاریکردنی دیزانی رووخسار و دەم و چاوی بۆئەوەی شێوەی خۆی بگۆڕێت، بۆئەم مەبەستە ڕای چەند کەسێکمان وەرگرتووە.....**

سەرەتا «ئاری ئەحمەد» تەمەنی ٢٨ساڵەو ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دەڵێت «زۆر ئاسەییە کە پیاو بۆ گۆڕینی شێوەی جلوبەرگ و مۆدێلی قژ و ریش بەقسەی هاوسەرکەی بکات، چونکە هیچ ژنێك حەزناكات پیاوەکەی نارێك بێت و حەزدەکات هەموو کاتێك شێوەیەکی رێکوجوانی هەبێت لەنێو خەڵك. من لەو کاتەی ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە دەتوانم بڵێم ٨٠٪شێوەم گۆڕاوە بەتایبەت لەڕووی جلوبەرگەوە گۆڕانێکی زۆرم بەسەرهاتووە، هاوسەرەکەم حەزدەکات هەمووکات (پانتۆڵ و چاکەت) لەبەربکەم.

«هاوژین ئەحمەد» ماوەی دوو ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە دەربارەی رۆڵی خۆی لە دیاریکردنی شێوەو ستایلی جلوبەرگ و رووخساری هاوەسەرکەی دەڵێت «زۆر حەز دەکەم هاوسەرەکەم رێك و جوان بێت، لەکاتی کڕینی جلوبەرگ و دیزاینی قژی خۆم بۆی دەستنیشان دەکەم ئاخۆ چ جۆرە دیزاینێك بکات، چونکە دەزانم چ جۆرە دیزاینێك لەرووخساری ئەو دێت.

را وەرگرتنی هاوسەرەکەت لە دیزانی جلوبەرگ و رووخسار شتێکی ئاساییە، ئەمە مایەی خۆشەویستی نیشان دەدات. لەم بارەیەوە محەمەد حوسێن تەمەن ٢٥ ساڵە و ماوەی ساڵێکە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە دەڵێت «لەوەتەی ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە، لەهەموو شتێك رای هاوسەرەکەم وەردەگرم، بەتایبەت لە پۆشینی جلوبەرگ. کاتێك دەچم جل بکرم لەگەڵ خۆمی دەبەم، چونکە ئەو زەوقی لەهی من جواترە و دەزانێت چیم لێدێت یان لێم نایەت.

نازەنین تەمەن ٢٢ساڵە ماوەی شەش مانگە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دەڵێت «خۆشەویسترین کەس لای من هاوسەرەکەمە، چونکە ئەو هاوڕێی ژیانمە. حەزەکەم هەمووکاتێك بەجوانترین کەس دەرکەوێت. ئەویش زۆر منی خۆش دەوێت بۆیە لەهەموو شتێك رای یەکتر وەردەگرین بەتایبەت لە جلوبەرگ و هەروەها دیزاینی روخسار. زۆر بایەخی پێدەدەم رۆژانە جلەکانی بۆ دەشۆم و ئوتو دەکەم تەنانەت جلی ماڵەوەشی بۆ ئوتو دەکەم. بەڕای من گەر پیاو بەقسەی ژنەکەی بکات زۆر ئاساییە، چونکە هەمووی لەخۆشەویستیە.

«ئامانج ئەحمەد» تەمەن ٢٦ساڵ ماوەی ٣ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دەڵێت «حەزەکەم ریش دابنێم، بەڵام هاوسەرەکەم حەز ناکات ریشم هەبێت، منیش لەبەر دڵی ئەو دەیتاشم، چونکە دڵی ئەو لەهەموو شتێك گرنگترە لای من. بەڕای من ئەگەر پیاو لەگۆڕینی شێوەی خۆی بەقسەی ژنەکەت بکات، کارێکی ئاساییە.

ئاڤان جەلال دەڵێت «زۆر بایەخ بە هاوسەرەکەم دەدەم کاتێك کەدەچێتە دەرەوە جلەکانی بۆ ئامادە دەکەم، تاخۆی ئامادە دەکات پێڵاوەکانیشی بۆ بۆیاغ دەکەم و وەکو گوڵێکی جوان ئامادەی دەکەم، بەڵام گرنگ ئەوەنییە تەنیا بۆجلەکانی دەرەوەی بایەخی پێبدەی، بەڵکو دەبێت بۆ ماڵەوەش بایەخی پێبدەی جلی ماڵەوەی بەجوانی بۆدابنێی.

ئافرەت دەتوانێت شێوە و دیزاینی پیاو بگۆڕێت، هەر لەمبارەیەوە نازناز کەمال دەڵێت «من وەکو ئافرەتێك خاوەن هاوسەرم هەردەم حەز دەکەم کە هاوسەرکەم رێك دەرکەوێ و جلی رێکوپێك لەبەر بکات، هاوسەرەکەم زۆر حەز لەجل ناکات. بۆیە خۆم هەوڵی بۆدەدەم بۆئەوەی حەز لەجل بکات و زوو زوو جلی نوێ بکڕێ. لەو رۆژەوەی منی هێناوە تاکو ئێستا زۆر گۆڕاوە، پێشتر حەزی بە جلی رەنگ رەساسی دەکرد بۆئەوەی پیسی پێوە دیارنەبێت، بەڵام ئێستا گۆڕاوە هەر رۆژەو جۆرە جلێك و رەنگێك لەبەر دەکات و حەز بەجلی ڕێکوپێك دەکات.

محەمەد مەحمود تەمەن ٢٣ساڵ ماوەی ساڵێکە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دەڵێت «هەر لەوکاتەی ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە، بەدڵی هاوسەرەکەم جلوبەرگ دەکڕم و لەبەردەکەم، ئەو چ جۆرە جلێکی پێ جوان بێت لەبەری دەکەم. هەستیش دەکەم کەشێوەی دیزاینی جلوبەرگم لە١٠٠٪ گۆڕاوە، چونکە پێش ئەوەی ژیانی هاوسەری پێکبهێنم نەمدەزانی چ رەنگێك لە رووخسارم دێت. بەڕای من ئەگەر پیاو ڕای هاوسەرەکەی وەربگرێت شتێکی ئاساییە.